# ئەڤین کردن

قوبادی جەلی زادە

-1-

داربەڕوێك ،

بە پێنج پەنجەی رەگ

مەمکی گردێکی گوشیوە ..

لقی دار رەپ بووە لە خۆشیا

گۆی گرد گرژ بۆتەوە لە تاوا !

-2-

دەزوولەیەك تیشك ،

لە کلاو رۆژنەوە دێتە ژور ..

رەحمی ژوور پڕ دەبێ ،

لە بریقە بریقی گەرمایی

پڕ لە گەرای نوور .

-3-

زەوی مەمکی روت دەکات و

لەسەر پشت رادەکشێت ..

دەرپێکەی فڕێدەداتە

بۆشایی

داوێنی هەوا تژی دەبێ لە شێ

هەور ئاوی دەهێتەوە !

-4-

رووبارێك

درێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــژ
درێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ
ــــــــژ
دەرژێتە گۆمێک ،
قو
ڵ
قو
ڵ
رووبار تەڕ تەڕ دەبێ ،
لە پڕووشەی موچڕکە .
گۆم نقووم دەبێ ، لە کەفی لەزەت !

-5-

من مۆمێکم ،
سەر کەشتر لە ئەسپ و
گرژ تر لە توورەیی .
تۆ توونێڵێکیت ،
تاریکتر لە دابڕان و
تەسکتر لە خەفەت .
مۆم ، دیدەی شەلاڵ دەبێ لە باران .
تونێل ، لێوان لێو دەبێ لە ژیلەمۆ !!